**Article**

IJOKS

**International Journal of Kurdish Studies**
(ISSN:2149-2751)
5 (1), pp. 167 – 193
http://www.ijoks.com

# The history of educational laws, regulations, and curricula for the formal study in the city of Erbil, 1961-1968

***Mohammed Abdulla Kaka SUR [1] & Snur Sabah SIDIQ[2]***

**Received**: Oct 28, 2018 **Reviewed**: Nov 29, 2018 **Accepted**: Dec 02, 2018

## Abstract

This study finds that the Iraqi government has worked to raise the level of education in Iraq in general, but in the Kurdish areas, this process was impacted strongly by political dynamics — due to political problems, Kurdish language studies in Kurdish schools (like those of Erbil) were neglected by the Iraqi government. Archives and other documentation make this fact clear, as training for teachers in this area was conducted for various different specializations except the Kurdish language, and those already teaching this subject became totally neglected by the educational and administrative policies of the Iraqi government.

Aside from that, during the period covered by this research, state regulations and procedures paid proper attention to students and seem to have raised the level of their knowledge. Many regulations and special directives have also been developed to deal with this Kurdish language issue. Additionally, during the studied period, many school textbooks were printed for different topics and specialization in order to be distributed among students in the schools for different levels.

**Key words:** Educational System, Educational Curricula, Formal Study, Erbil, Kurdish Schools, Kurdish Language.

**Recommended citation:**

Sur, M.A.K. & Sidiq, S.S., (2019). The history of educational laws, regulations, and curricula for the formal study in the city of Erbil, 1961-1968. *International Journal of Kurdish Studies* 5 (1), 167 – 193
DOI: **10.21600/ ijoks.516501**

[1] Asst. Prof., Salahaddin University, College of Arts, History Department, Erbil, KRG,
E-mail:, makakasur@yahoo.com,
[2] Corresponding Author: Senior Lecturer , Salahaddin University, College of Arts, History Department, Erbil, KRG, E-mail: snursk@gmail.com, **ORCID** : https://orcid.org/0000-0002-7283-3621

# مێژووی یاساو ڕێساو ڕێنماییەکانی پەروەردەو پەیرەوپرۆگرامەکانی خوێندنی فەرمی لەشاری هەولێر ساڵانی (1961- 1968)

م. سنور صباح صدیق (**) د. محمد عبدالله کاکەسور (*)

پێشەکی:

یەك لەسیماو هێماکانی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوونی هەر وڵاتیك گەشانەوەی کەرتی پەروەردەیەتی، پەرەپیدانی کەرتی پەروەردەش بەندە بە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لەرێگەی پرۆگرام و یاساو رێساکانی پەروەردە.

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەوڵیانداوە بۆ گەشەسەندنی ئەم کەرتە: بەڵام زۆرجار لەناوچە کوردنشینەکاندا بەهۆی ئاڵۆزی دۆخی سیاسی، رەوشەکە ناجێگیر بووە بەتایبەت لەڕووی گەشەسەندنی زمانی کوردی.

ئەمەش تاڕادەیەك دۆخی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کەبەزمانی کوردی خوێندویانە ئاڵوز کردووە، لە هەمان کاتیشدا گرنگی بەپرۆگرامەکانی دیکەی خوێندن دراوەو لەم ڕووەوە گەشەسەندنێکی زۆری تۆمار کردووە.

ساڵی (1961) وەك ساڵی دەستێپك بۆ توێژینەوەکە هەڵبژێردراوە چونکە لەم ساڵەدا شۆرشی ئەیلول هەڵگیرساوە، کاریگەری هەبوو لەسەر پرۆسەی خوێندن لەکوردستانی باشوور لەم چوار چێوەیەش لەسەر شاری هەولێر ساڵی (1968) یش وەك ساڵی کۆتایی توێژینەوەکە ئاماژەی پێ کراوە، چونکە لەم ساڵەدا پارتی بەعس لەرێگەی کودەتایەکی سەربازییەوە دەسەڵات وەردەگرێت ومێژووی ناوچەکە بەهەموو کەرتەکانیەوە بەشێوەیەکی دیکە ئاراستەدەکات.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کەراستەیە مێژووییەکانی مێژووی یاساو رێساو پەیرەو پرۆگرامەکانی خوێندن فەرمی لەم شارەدا، لەبەر رۆشنایی بەڵگەو دەکومێنتە فەرمیەکانی وەزارەتی پەروردەی حکومەتی عێراق بخاتە ڕوو پاشان لێکدانەوەی وردیان بۆ بکات.

شایەنی باسە، توێژینەوە لەوەها قۆناغێکی مێژوویی گرنگ پێویستە، بەڵام بۆ گەیشتن بە هەموویاساو رێساکان و پرۆگرامەکانی ساڵانی (1961-1968) کارێکی ئاسان نییە، چونکە بەشێکیان فەوتاون و نەبوونی ئەرشیفێکی پەروردەیی لەشاری هەولێردا گرفتەکەی قوڵتر کردۆتەوە، بۆیە بەناچاری پەنامان بردووە بۆ دیمانەی ئەو کەسایەتیانەی کەئەو کات ڕۆڵی چالاکیان هەبوو لە خزمەتکردنی کەرتی پەروەردەییدا، سەرباری ئاستەنگەکان، هەوڵدراوە بە بەپشت بەستن بەمیتۆدی توێژینەوە مێژوویە زانستییەکان لەسەر بنچینەی شیکردنەوەو تێرامان و ورد بوونەوە لەسەرچاوەکان، توێژینەوەکە بگاتە ئامانجێك.

توێژینەوەکە لەدوو تەوەر پێك هاتووە، لەتەوەری یەکەمدا تیشك خراوەتە سەر بەشێك لەیاساو رێساکانی وەزارەتی پەروەردەو حکومەتی عێراق، بەتایبەت ئەویاسایانەی کەبەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەریان هەبووەو لەسەر پرۆسەی خوێندن لەشارەکە.

لە تەوەری دووەمدا تیشك خراوەتەسەر پەیرەو پرۆگرامەکانی قۆناغە جیاجیاکانی قوتابخانەکانی شاری هەولێر، بەراورد کراوە لەنێوان گۆرانکاری لەپرۆگرامەکانی ساڵانی (1961-1968) چەندیەتی وچۆنیەتی گرنگی پێدانی پرۆگارمەکان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە.

## تەوەری یەکەم:

یاساو رێساو ڕێنماییەکانی پەروەردەیی لەشاری هەولێر.

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەولێ پەرەپێدانی پەروردەیان داوە، بۆ ئەم مەبەستەس سیستەم و ڕێنمایی و یاسایی نوێیان دەرکردووە، بەشێوەیەك کە یاساو رێساکانی لەگەڵ دۆخی سەرەدەمیانەی رەوشی پەروەردەی ناوچەکە بگونجێت.

لەساڵی (1961)، دوای دەستپێکردنی شۆرشی ئەیلوول و شلەژانی دۆخی سیاسی ناوچەکە، بەتایبەت رەوشی ناوچە کوردنیشەکان، تارادەیەك جۆرە پاشەکشەیەك لە کەرتی پەروەردەدا بەدی دەکرا (خۆشناو، 2012، ل 242) (قەرەنی، 2003، ل 44). (رەواندزی،2014، ل ل 67- 69)

*) makakasur@yahoo.com پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر / کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو.
**) snursk@gmail.com مامۆستا لەزانکۆی سەلاحەددین – هەولێر / کۆلێژی ئاداب – بەشی مێژوو.

حکومەتی عێراق بۆ ڕێکخستنی و چاککردنی دۆخەکە ژمارەیەك یاساو ڕێسای دەرکرد وەك پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ چارەسەرکردنی کیشەی قوتابیانی دەرچووی دواناوەندییەکان هەوڵدراوە کێشەی ئەو قوتابییانە چارەسەربکرێت بەتایبەتی دەرچووانی ئامادەییەکان کە دوای تەواو کردنی خوێندن بەشێکیان لەکۆلێژەکان وەرنەگیراون، چونکە ژمارەی دەرچووانی ئامادەیی زۆر زیاتر بووله داواکاری کۆلێژەکان [5].

بۆیە لەساڵی (1964) لیژنەیەکی تایبەت لەلایەن (دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران) پێکهێنرا. بەناوی (لێکۆلینەوەی کیشەکانی دەرچووانی دواناوەندییەکان)، مەبەست لەپێکهێنانی ئەم لیژنەیە چارەسەرکردنی ئەو ژمارە زۆرەی دەرچووانی ئامادەییەکان بوو کەبەشێکیان لەکۆلێژەکان وەرنەگیرابوون، ئەم لیژنەیە چەند پێشنیارێکی کرد وەك ئەوەی قوتابیان لە ناوەندییەوە ئامادە بکرێن بۆ قوتابخانەی ئامادەیی پیشەییەکان (پیشەسازی، کشتوکاڵ..) و کردنەوەی ژمارەیەك پەیمانگە بۆ کەمکردنەوەی پاڵەپەستۆ لەسەر کۆلێژەکان و دروست نەبوونی کێشە بۆ ئەو قوتابیانەی کەلە ئامادەیی بێ کار دەبن لەلایەکی دیکشەوە داوا کراوە بەبەرزکردنەوەی ئاستی ئامادەییە پیشەسازیەکان و بەهێزکردنی پرۆگرامەکانی خوێندیان (مديرية التعليم العامة، 1964، ص ص 2-22).

هەرچەندە بۆ دابین کردنی مامۆستاو چارەسەرکردنی کێشەی ئامادەییەکان لەساڵانی پەنجا و لەشەستەکاندا، حکومەت پەنای بردۆتە بەر خولی پەروەردەیی، چ ئەو خولانەی لەکۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکان بۆ فەقێکان یان مەلاکان کراوەتەوە یان ئەو خولانەی بۆ دەرچووانی پۆلی شەشی ئامادەیی کراوەتەوە. سەبارەت بەو خولانەی کەبۆ فەقێکان و مەلاکان کراوەتەوە و دواتر بوون بەمامۆستای سەرەتایی، ئەم خولانە زیاتر لەمانگێکی خایاندووە لەسەرەتادا وەك مامۆستای وانەبێژ دامەزراون، دوای ساڵێك خولی پەروەردەییان بۆ کراوەتەوە و دەرچووانی ئەم خولە بەمامۆستای فەرمی دامەزراون. بەدامەزراندنی ئەم چینە بەمامۆستا حکومەت دوو ئامانجی پێکاوە، لەلایەك کێشەی فەقێکان و مەلاکانی چارەسەر کردووە کەهەمیشە داوایان لەحکومەت کردووە چارەسەرێکیان بۆ دابنێت و لەشوێنێکدا کۆیان بکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە حکومەت تارادەیەك کێشەی کەمی مامۆستای لەقوتابخانەکان چارەسەر کردووە (چاوپێکەوتن لەگەڵ حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، 2017/12/22).

سەبارەت بەو خولانەی کەبۆ دەرچووانی پۆلی شەشی ئامادەیی کراوەتەوە، حکومەت لەم خولانەش ئامانجی هێناوەتە دی لەلایەك کێشەی قوتابیانی دەرچووی پۆلی شەشەمی ئامادەیی چارەسەر کردووە، مەبەست لەو قوتابیانەن کەبەهۆی کەمی نمرەکانیان (**مديرية التعليم العامة، 1964، ص ص** 5 – 11؛ الزوبعي، 1966، ص ص 20 - 42)، یان دۆخێکی ترەوە نەیان توانیوە بچن بۆ زانکۆو خوێندن تەواو بکەن کەزۆرجاریش کەم دەرامەتی و لایەنی ئابووری کاریگەر بووە کەنەتوانن درێژە بەخوێندن بدەن، حکومەت بۆ ئەوەی رەنجی ئەم قوتابیانە بەفیڕۆ نەڕوات ئەم خولانەی کردۆتەوە، لەلایەکی تریشەوە، دابین کردنی مامۆستا بووە بۆ ئەو قوتابخانە سەرەتاییانەی کەبەدەست کەمی و نەبوونی مامۆستاوە کێشەیان هەبوو، هەرچەندە بۆ دابین کردنی مامۆستا بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان هەمیشە حکومەت هانی هەموو خانەی مامۆستایانی کوڕان و کچانی عێراقی داوە (ثوره 14 تموز في عامها السابع، ب.س، ص ص 60 - 61)، بەوەرگرتنی قوتابی زیاتر و چارەسەرکردنی کەمی مامۆستا لەقوتابخانەکان، بۆ چەند جارێکیش لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی عێراقەوە داوا لەخانەی مامۆستایانی کوڕان و کچانی سەرەتایی لەشاری هەولێر کراوە بەوەرگرتنی ژمارەی قوتابیانی زیاتر لەو ڕێژەیەی کەبۆی دانراوە(المدرس، ب.س، ص 21).

جێگای ئاماژەپێکردنە، بەمەبەستی بەرەوپێش بردنی پرۆسەی خوێندن، چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەنجام دراوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، لەساڵی 1963 بۆ یەکەمجار (ئەنجومەنی باڵای پلاندانانی پەروەردەیی) دامەزرا، ئەم ئەنجوومەنە کاری کرد بۆ دانان و چەسپاندنی مەبەست و بنەمای نوێی پەروەردەیی و دامەزراندنی فەلسەفەی پەروەردەیی و چارەسەرکردنی

---

(5) تێبینی بەهۆی دوورکەوتنەوەیان لەخوێندن و نەبوونی کارێکی دیاری کراو، زۆرجار قوتابیان دەچوونە ناو کاری سیاسی و دەبوون بەئەندام لەپارت و ڕێکخراوەکان، ئەمەش پێچەوانەی ویستی حکومەت بوو.

کێشەکانی هەریەك لەقۆناغەکانی خوێندن، بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستەش ژمارەیەك لیژنە پێك هێنران، دواتر لەساڵانی 1965-1966 (ئەنجومەنی پلان دانانی پەروەردەیی و (منشورات وزارة الثقافە والاعلام، 1981، ص ص 217 - پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی) دامەزراوە 218).

لەهەموو عێراقیش خوێندن بەپێی یاساکانی وڵات بۆ هەمووان وەك یەك بوو واتە بەبێ جیاوازی و لەسەر بنەمای وەك یەك (تکافؤ) بوو. بێجگە لەمانەو لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراق لەسەرەتای شەستەکاندا، سیاسەتی دەرگای واڵا (سیاسة باب المفتوح) پەیرەو کراوە و گرنگی بە (قوتابخانەی ئێواران) دراوە بۆ ئەو قوتابیانەی کەداپڕابوون و نەیان توانیوە درێژە بەخوێندن بدەن لەقوتابخانەی بەیانیان بەمەرجێك لەتەمەنی (10) ساڵ زیاتر نەبێت، وەزارەت ئەم مەرجەی دانابوو چونکە منداڵ لەخوار (10) دە ساڵیەوە توانای دەوامکردنی شەوانی نابێت، لەهەمان کاتیشدا بڕیاری داوە بەدابین کردنی مامۆستای هەمیشەیی بۆ ئەم قوتابخانانە و دامەزراندنی بەڕێوەبەری تایبەت بەقوتابخانەکە، ئەمەش بەمەبەستی گرنگی پێدانی زیاتری قوتابخانەکە بوو(مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 1092 بتاریخ 1967/2/4)

بڕیاردرا بەکردنەوەی خولی هاوینە بۆ قوتابیانی قوتابخانە سەرەتاییەکان (مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 31278 بتاریخ 1964/6/27) مەبەست لەم خولانە پێدانی زانیاری زیاتر بوو بۆ قوتابیە سەرکەوتووەکان لەو بابەتانەی کە خوێندویانە بۆ بەرزکردنەوەی زیاتری ئاستی زانیاریان، لەلایەکی تریشەوە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو قوتابیانەی کە پێویستیان بەهاوکاری هەبوو، بۆ تێگەیشتنی ئەو بابەتانەی کە لەلایان گران بوو یان ڕوون نەبوو لەهەمان کاتیشدا چۆنیەتی ڕێکخستنی خولەکانی و بەڕێوەبردنی و بابەتەکانی خولەکان دیاری کراون (مدیریة المناهج والکتب، 1967، ص ص 86 - 87).

دواتریش لەساڵی (1965) بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی کاتەکانی دەوامی فەرمی قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان نوسراوی تایبەت دەردەکرێت تەنانەت ڕێنمایی تایبەت بەباخچەی ساوایانیش لەم نوسراوەدا ئاماژەی پێ کراوە، کاتژمێر(8.30) وەك دەوامی فەرمی لەهاوینەو، کاتژمێر(9) وەك دەوامی فەرمی زستانە دانراوە لەهەمان کاتیشدا کاتی دەوامی قوتابخانە سەرەتاییەکان و دواناوەندییەکان ئاماژەی پێ کراوە کاتژمێر (8) وەك دەوامی فەرمی هاوینەو (8.30) وەك دەوامی فەرمی زستانە دەستنیشان کراوە (مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 38695 بتاریخ 1965/9/22).

بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی مامۆستایان لەساڵی (1966)، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پڕۆگرام وکتێب، داوا لەهەموو بەڕێوەبەرایەتییەکانی پەروەردە کراوە، کەهەوڵێ خۆیان بخەنە کار بۆ بەرزکردنەوەی. ئاستی مامۆستاو کردنەوەی خول لەکاتی خزمەتدا، بەسەرنج دانی لیستی بابەتەکانی خول (مدیریة المناهج والکتب، کتاب رقم 37049 بتاریخ 1966/9/18)، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بۆ زمانی کوردی نییە ئەمە لەکاتێکدایە کەقوتابخانەکانی سەرەتایی لەزۆرینەی ناوچە کوردنشینەکان و لەناویاندا لەشاری هەولێر خوێندن بەزمانی کوردی بووەو بابەتی خوێندنەوەو ڕێزمانی کوردی خوێندراوەو کتێبی بابەتەکانی تریش بەزمانی کوردی خوێندراوە، هەروەك لە جەردی (جرد) کۆگای خوێندنی سەرەتایی (شاری هەولێر) لەساڵی (1962-1963) بۆمان دەردەکەوێت کەئاماژە بەکتیب و ژمارەی کتێبەکان دەدات (لەناو کتێبەکانیشدا ئاماژە بە ژمارەی کتیبەکانی خوێندنی قوتابخانە کوردییەکان دەدات(بڕوانە پاشکۆی ژمارە 1).

لەبەرامبەریشدا خول بۆ بەهێزکردنی مامۆستایانی زمانی کوردی نەکراوەتەوە لەشاری هەولێر، بەڵام بۆبابەتەکانی دیکە کراوەتەوە، لەوانە، کردنەوەی خولێك لەشاری هەولێر لەساڵی (1967) بۆ زمانی عەرەبی، (ئەلف بای) عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، بیرکاری، هونەر، پەروەردەی وەرزشی... (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 2 ، 3).

خولەکەش بەسەرکەوتووی بەڕێوەچووەو تەنانەت سوپاس و پێزانین بەمامۆستایانی وانەبێژی خولەکە دراوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 4) دواتر لەساڵی (1967) خولێکی تریش بۆ زمانی عەرەبی و ئایین کراوەتەوە کە (30) مامۆستا لەشاری هەولێر بەشداریان لەم خولەدا کردووە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 5).

ئەمە لەکاتێشکدایە کەبەپێی نوسراوێکی فەرمی لەساڵی (1966) نمرەکانی قوتابی قوتابخانە کوردیەکان لەهەردوو بابەتی کوردی وعەرەبی بەپێی چۆنیەتی خوێندنی بابەتەکە لە (خوێندنەوە، ڕێزمان، ڕێنووس، داڕشتن) دابەشکردنی بۆکراوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 6) بەڵام لەبەرامبەردا گرنگی بابەتی زمانی کوردی نەدراوە هەڵبەت پشتگوێ خستنی بابەتی زمانی کوردی بەشێکی زۆری بۆ دۆخی سیاسی ئەوکاتی ناوچەکەو هەبوونی شۆڕشی ئەیلوول دەگەڕێتەوە.

یەك لەو کێشانەی کە وەزارەتی پەروەردە هەوڵی چارەسەرکردنی داوە، هەبوونی دیاردەی (کورت کردنەوەی) کتێبەکانی قوتابخانەو فرۆشتنەوەی بەقوتابیان بووە، نموونەی ئەم جۆرە کتێبانە کتێبی (موجز التاريخ الحديث، لطلبة الصف الثالث المتوسط) (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 8)، کورتکراوەی مێژووی نوێ بۆ قوتابیانی پۆلی (سێیەمی ناوەندی) مان لەبەردەستدایە، کەئەم کتێبە لە (82) لاپەڕە پێك هاتووە بەشێوەیەکی زۆر کورت ئاماژەی بەهەریەك لەبابەتەکان داوە (صالح، 1962، ص 1) بەم شێوەیە قوتابی لەڕووی تێگەیشتن و ئاشنا بوون بابەتەکە بەشێك لەزانیاریەکانی لەدەست داوە. کەزۆر جار لەلایەن خودی مامۆستایانی قوتابخانەیەك کورت دەکرانەوەو بەسەر قوتابیانی هەمان قوتابخانەشدا دەفرۆشرانەوە، تەنانەت هەندێك جار لەتاقیکردنەوەکاندا هەمان نموونەو وەڵامیان بۆ قوتابیان دەهێنایەوە، بەمەش قوتابیان ناچار دەبوون ئەم جۆرە کتێب و بڵاوکراوانە بکڕن، بۆیە لەلایەن وەزارەتەوە ئاگادارکردنەوە بە هەموو مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان دراوە کە پێویستە ئەم دیاردەیە بەهیچ شێوەیەك نەمێنێت و کۆتایی پێ بهێنرێت (مديرية الشؤون الفنية العامة، كتاب رقم 38455 بتاريخ 1966/9/26).

جێگای ئاماژە پێ کردنە لەساڵی (1967) لەلایەن وەزارەتی پەروەردە نوسراوێکی فەرمی بۆ هەموو لیواکانی عێراق دەرچووە کەبەپێی ئەو نوسراوە لێدانی قوتابی لەقوتابخانەکانداو وتنی وشەی نەشیاو بە قوتابی بەهەموو شێوەیەك قەدەغە کراوە (بڕوانە پاشکۆی ژمارە 7).

بەمەبەستی دووبارە ڕێکخستنەوەی قوتابخانەکان لەساڵی (1964) سیستەمی بەڕێوەبردنی قوتابخانە سەرەتاییەکان و باخچەی ساوایان و نەهێشتنی نەخوێندەواری دەرچوو، ئەم سیستەمە (15) ماددەی لەخۆ گرتووە، بەخوێندنەوەی ئەم سیستەمە بۆمان دەردەکەوێت کەمامۆستایانی دواناوەندی لەم کاتەدا ژمارەیان کەم بووە، هەربۆیەش بەپیی ماددەی (8) ی ئەم سیستەمە، وەزارەتی پەروەردە سەرپشك کراوە کەلەکاتی پێوستیدا مامۆستایانی سەرەتایی بتوانن وانەی قوتابیانی ناوەندی و ئامادەیی بڵێتەوە (الوقائع العراقية، 1007، 1964/9/19)، دواتریش لەساڵی (1966) دا ئەم سیستەمە پێداچوونەوەی بۆکراوە(الوقائع العراقيهة، 1298، 1966/8/14؛ وزارة العدل، 1967 ص ص 103 - 107).

لەساڵی (1967) دا سیستەمی وەزارەتی پەروەردە دەرچووە ئەم سیستەمە (23) ماددەی لەخۆگرتووە لەم سیستەمەدا جەخت کراوەتەوە لەسەر بنیاتنانی بنکەی نەهێشتنی نەخوێندەواری" فراوانکردن و گرنگیدان بەئامادەییە پیشەییەکان، گرنگیدان بەکردنەوەی خول بۆ مامۆستایان و بەپەیوەندییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ یونسکۆ تەنانەت تێبینی دەکرێت لەبەشی (بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندی ڕۆشنبیری گشتی) بەڕێوەبەرایەتیەکی تایبەت بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یونسکۆ) کراوەتەوە چونکە حکومەت زۆر مەبەستی بوو پەیوەندیەکانی لەگەڵ یوسنکۆ بەهێز بکات و لەم ڕێگەیەوە پەرە بەڕەوشی خوێندن لەعێراق بدات لەهەمان کاتدا گرنگی بەلایەنی هونەری و وەرزشی قوتابخانەکان دراوە ئەمانەو چەند خاڵێکی تریش لەم سیستەمەدا ئاماژەی پێکراوە (الوقائع العراقية، 1435، 1967/7/10؛ وزارة التربية، تشريع رقم 47 لسنه 1967).

پرۆگرامەکانی خوێندنیش وەك یەك لەبنەماکانی پرۆسەی خوێندن گرنگی پێدراوە، لەساڵی (1963) کتێبێکی تایبەت بەپرۆگرامەکانی قوتابخانە سەرەتاییەکان بڵاوکراوەتەوە کە (197) لاپەڕە لەخۆ دەگرێت و لە (14) بەش پێك هاتووە لەسەرەتادا تیشك خراوەتە سەر چۆنیەتی وتنەوەی بابەتەکان و ئامانج لەهەر بابەتێك خراوەتە ڕوو، هەر بابەتێك بەشێکی بۆتەرخان کراوە (مديرية المناهج والكتب 1963، ب.س، ص ص 1 - 57).

لەساڵی (1964) یشدا کتێبێکی تایبەت بەپرۆگرامەکانی خوێندنی ئامادەیی بڵاوکراوەتەوە (137) لاپەڕەو (11) بابەت لەخۆ دەگرێت و لە (11) باس پێك هاتووە ئەوەی تێبینی دەکرێت

قۆناغی ئامادەیی تەنها پۆلی (چوار و پێنج) بووە تەنانەت قوتابی لەپۆلی (چوار)ی ئامادەیی دا پسپۆری وەرگرتووە واتە قوتابی یان چۆتە بەشی (وێژەیی یا زانستی) لەکتێبەکەشدا ڕێنمایی دراوە بۆ چۆنیەتی وتنەوەی وانەکان و بەوردی بابەتەکانی هەریەك لەوانەکان و چۆنیەتی و چەندیەتی وتنەوەیان لەهەفتەیەکدا خراوەتە ڕوو (مديرية المناهج والكتب1964، ب س، ص ص 2 - 101).

لە ساڵانی (1961- 1968) گرنگیەکی زۆر بەلایەنی پڕۆگرام وپرۆسەی چاپ کردن دراوە، بەڵام سەبارەت بەزمانی کوردی ئەم دۆخە پێچەوانە بووە، بەهۆی کێشە سیاسیەکان وشۆڕشی ئەیلولەوە ڕێگریەکی زۆر لەچاپ کردنی کتێب بەزمانی کوردی کراوە و تەنانەت گرنگی پێدان و بایەخ دان بەزمانی کوردی بەستراوەتەوە بەمەیدانی سیاسی لەعێراق دا.

لەکاتی هەبوونی کێشە سیاسیەکانی حکومەتی بەغداد لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی، زمانی کوردی پشتگوێ خراوە، تەنانەت زۆرجار دژایەتی کراوە، لەکاتی دانوسان وئاگربەستەکانیش دا بارودۆخەکە بەپێچەوانەوە مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

لەسەرەتای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی 1961دا نووسراوێك (زۆر بەنهێنی) لەوەزارەتی پەروەردەوە بۆ خانەی مامۆستایانی هەولێر نێردراوە، کەلەنوسراوەکەدا هاتووە (خوێندنی وانەی کوردی لەخانەی مامۆستایان لەهەولێر، بۆ ماوەیەکی تر ڕابگیرێت) [6]. بەڵام لەخانەی مامۆستایانی هەولێر کار بەم نووسراوە نەکراوەو وانەی کوردی خوێندراوە، دوای چەند مانگێکی تر و گۆڕانکاری لەدۆخی سیاسی ڕوویداوە و نوسراوێکی تر لەوەزارەتی پەروەردەوە بۆ خانەی مامۆستایانی هەولێر هاتووە، لەنووسراوەکەدا هاتووە: (بڕیاردرا دووبارە وانەی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایانی هەولێر بخوێندرێت) (شەعبان، 2006، ل ل 80 - 81).

تەنانەت سەبارەت بەخوێندنی زمانی کوردی لەم خانەیەدا بەشێوەیەکی ئارەزوومەندانە بێت یان زۆرملێ، ئەم بابەتەش کاریگەری ڕەوشی سیاسی پێوە دیارە، بەپێی بڕیاری ژمارە (27) ی وەزارەتی پەروەردەی کۆماری عێراق، لەبەرواری 1961/9/30، بڕیاردراوە خوێندنی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایان بەزۆرملێ بێت و لەساڵی 1962 بڕیار دەدرێت بەدامەزراندنی مامۆستای کوردی بۆ خانەی مامۆستایانی کچان و کوڕان لەشاری هەولێر، بەڵام لەکاتی دەسەڵاتی بەعسیەکان و کێشەکانیان لەگەڵ سەرکردایەتی کوردی بڕیارەکە پێچەوانە دەبێتەوە، دوای کودەتای (8ی شوباتی 1963) لە 1963/5/2 بڕیار دەدات کەخوێندنی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایان ئارەزوومەندانە (أختیاری) بێت(المدرس، ب س، ص ص 21، 25، 34). واتە هەوڵ دەدرێت بۆ پشتگوێ خستنی زمانی کوردی لەخانەی مامۆستایان. تەنانەت لەدوای ئەم بەروارە لەخانەی مامۆستایان وانەی زمانی کوردی بەشێوەی نهێنی وتراوەتەوە هەروەك یەك لەمامۆستاکانی ئەم خانەیە باس دەکات و دەڵێت: (لەساڵی 1965 ئەوانەی لەخانەی مامۆستایانی سەرەتایی کوڕان دەردەچوون بێبەش بوون لەخوێندنی بنچینەکانی وتنەوەی زمانی کوردی)، ئەمە لەکاتێکدا کەخوێندنی سەرەتایی لەشاری هەولێردابەزمانی کوردی بوو، ئەم مامۆستایانەش کەدەردەچوون دەبوون بەمامۆستای سەرەتایی، بەر لەم مێژووە مامۆستا (جەمال نەبەز) [7] زمانی کوردی بەقوتابیانی خانەی مامۆستایانی کوڕان دەگوتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی نهێنی و تەنانەت لەناو خشتەی وانەکانیش دا وانەیەك نەبوو بەناوی زمانی کوردی، دوای ئەویش ئەم ئەرکە بەمامۆستا (حەمە کەریم هەورامی) دەسپێردرێت لەلایەن بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایانەوە بەهەمان شێوە بەشێوەیەکی نهێنی و لەخشتەی وانەکانیش ناوی وانەی کوردی نەبووە، لەساڵی خوێندنی 1965-1966 مامۆستای ناوبراو کتێبێك بەناوی (سایکۆلۆژی

---

)[6]( ئەوکات لەخانەی مامۆستایانی کوڕان و کچان لەهەولێر، لەهەر قۆناغێك دوو وانەی زمانی کوردی لەهەفتەیەکدا دەخوێندرا.

)[7]( م. جەمال نەبەز: لەساڵی 1933 لەشاری سلێمانی لەدایك بووە، دەرچووی پەیمانگەی باڵای مامۆستایانە لەبەغداد خزمەتێکی زۆری بواری پەروەردەی کردووە لەشاری هەولێردا، لەدواناوەندی و خانەی مامۆستایان لەهەولێردا وانەی گوتۆتەوە، خاوەن چەندین کتێب و بەرهەمی مێژوویی و ئەدەبییە، ژمارەیەکی زۆر وتارو لێکۆڵینەوەی لەگۆڤارە جیاجیاکان بڵاوکردۆتەوە، ئێستا لەدەرەوەی وڵات دەژی. الکوردی، 2008، ص420.

خوێندن) چاپ دەکات و هەر قوتابیەك دانەیەكی وەردەگرێت. ئەمە دەبێت بەسەرچاوەی وتنەوەی زمانی كوردی و لەكتێبەكەدا هەموو گیروگرفتەكانی ئەلف و بێی كوردی بەپیتی عەرەبی باسكراوە، بۆ ساڵی 1966-1967 بەرگی دووەمی كتێبەكە چاپ دەكات بەناوی (بنچینەی ووتنەوەی زمانی كوردی) و داوایەكیش ئاڕاستەی وەزارەتی پەروەردە دەكات كەئەم دوو بەرگەی كتێبكە بكرێت بەپرۆگرام بۆ خوێندن لەخانەی مامۆستایان، بەڵام وەڵامی بەنەرێنی بۆ دەگەڕێتەوە [(8)].

لەزۆر لاوە هەوڵدراوە بۆ پشتگوێ خستنی زمانی كوردی و پرۆگرامی كوردی تەنانەت هەندێك جار گەیشتۆتە ئاستی دژایەتی كردنی ئەم بابەتە و هەروەك لەكۆنگرەی چوارەمی سەندیكای مامۆستایانی عێراق (الحزب الديمقراطي الكوردستاني، 1999، ص ص 40 – 41؛ جزيري، 2017، ص41) بەئاشكرا دەكەوێتە بەرچاو، ئەم كۆنگرەیە لەساڵی 1962 بەسترا و لە (لیژنەی خوێندنی كوردی) ژمارەیەك بڕیار دەركران كەبەشێكیان سەبارەت بەزمانی كوردی و خوێندن و پرۆگرامەكان بوو چ لەناوچە كوردنشینەكان و چ لەهەموو عێراقدا بڕیاریان دابوو بەیەكخستنی پرۆگرام بەزمانی عەرەبی لەهەموو عێراقدا، هەڵبەتە مەبەست لەم بڕیارە نەهێشتنی خوێندن بەزمانی كوردی، چونكە یەكخستنی پرۆگرام لەهەموو عێراق بەزمانی عەرەبی واتە نەهێشتنی پرۆگرامە بەزمانی كوردی ئەمە لەكاتێكدا كەخوێندنی سەرەتایی لەشاری هەولێر بەزمانی كوردی بووە.

یەك لەبڕیارەكانی تر، هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی كوردی بوو، چونكە مەبەست لەدامەزراندنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە گرنگی دان بوو بەخوێندنی زمانی كوردی و هاندانی نووسەران بۆ نووسین بەزمانی كوردی و وەرگێڕانی كتێب و پرۆگرامەكانی خوێندن بۆ سەر زمانی كوردی، هەڵبەت مەبەست لەم بڕیارە لاوازكردنی بوو، بەلاواز كردنی ئەم بەڕێوەبەرایەتییە جۆرە لاوازییەك لەم بەرەوپێشچوونەدا دروست بووە، بەتایبەت لەبواری چاپكردنی كتێب كێشەیەكی زۆر بەپرۆسەكەوە دیارە (يحيى، 2015، ل ل 131 - 132) هەروەك لەم خشتەیەی خوارەوە ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەكەوێت.

**خشتەی ژمارە (1)**

ئاماری كتێبە چاپكراوەكانی ماوەی نێوان (1958-1967)

| ساڵ | ژمارەی كتێبی چاپكراو |
|---|---|
| 1958 | 54 |
| 1959 | 49 |
| 1960 | 54 |
| 1961 | 31 |
| 1962 | 14 |
| 1963 | 1 |

(8) چاوپێكەوتن لەگەڵ حەمە كەریم هەورامی، هەولێر، 2017/12/22، ناوبراو لەساڵی (1935) لەگوندی (گڵپ) هاتۆتە دونیاوە كەسەربەناوچەی هەورەمانە، لەهەمان گونددا قۆناغی سەرەتایی تەواو كردووە، بەهۆی نەبوونی ناوەندی لەدێكەیان دوای تەواوكردنی پۆلی شەشی سەرەتایی خراوەتەبەر خوێندنی مزگەوت، لەماوەی (8) ساڵدا خوێندنی مەلایەتی تەواو كردووە بەمەبەستی تەواوكردنی خوێندن چۆتە میسرو لەزانكۆی ئەزهەر لە كۆلێژی (الشريعه والقانون) خوێندنەوەیەتی و ساڵی 1963 بروانامەی وەرگرتووە لەزانكۆی (عين الشمس) بروانامەی دبلۆمی باڵای لە(پەروەردە و سایكۆلۆجیەتدا) بەدەست هێناوە ساڵی (1964 گەڕاوەتەوەو لەهەمان ساڵدا لەخانەی مامۆستایانی كوڕان وەك مامۆستا دەست بەكاربووە لەخانە وەك مامۆستا بەردەوام بووەو لەكاتی كردنەوەی پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان بووە بەمامۆستا لەم پەیمانگەیەدا نزیكەی (35) ساڵ لەبواری پەروەردەدا خزمەتی كردووە یەكێك بوو لەدامەزرێنەرانی یەكێتی نووسەران لقی هەولێر، خاوەنی چەندان كتێب وبڵاوكراوەیەوە ئێستا لەشاری هەولیردا دەژیت.

| | |
|---|---|
| 4 | 1964 |
| 7 | 1965 |
| 7 | 1966 |
| 32 | 1967 |

سەرچاوە: Abdulla، 1980، p 166.

لەم ئامارەی سەرەوە بەتێبینی کردنی ساڵەکانی لەچاپدانی کتێبە کوردیەکان و کاریگەری ڕەوشی سیاسی زۆر بەئاشکرا بەدەردەکەوێت بەسەر گەشەسەندنی بواری زمانی نووسینی کوردی لەمیانەی کتێبی زانستی و ئەدەبی و مێژوویی و کتێبەکانی بواری پەروەردە (پرۆگرامەکانی خوێندن)، ساڵی 1958 تا 1960 واتە بەر لەدەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول ڕێژەی چاپ کردنی کتێبی کوردی لەبواری پەروەردەیی (کتێبی خوێندن) یان کتێبی ئەدەبی و زانستی و مێژوویی، ئاستێکی بەرزی تۆمارکردووە تەنها لەو سێ ساڵەدا (157) کتێب بەزمانی کوردی لەچاپ دراوە، بەڵام دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لەنێوان ساڵانی 1961 – 1967 واتە لەماوەی (7) ساڵدا (96) کتێب چاپکراوە.

هەرچی سەبارەت بەپرۆگرامی قوتابخانەکانە بەپێی ئاماری ساڵانەی وەزارەتی پەروەردەی عێراق لەنێوان ساڵانی 1961-1968 پرۆگرامی قۆناغی سەرەتایی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە لەڕووی وانەکانەوە کەبەم شێوەیە بووە:

خشتەی ژمارە ( 2)

پرۆگرامی قۆناغی خوێندنی سەرەتایی لەساڵانی 1961- 1968

| بابەت | پۆل |
|---|---|
| ئاین و قورئان | 1-6 |
| زمانی عەرەبی | 1-6 |
| زمانی ئینگلیزی | 5 و 6 |
| هەژمارکردن و پێوانەکردن (الحساب والقياسات) | 1 تا 6 |
| زانستی گشتی ژیان (المعلومات الحياتية العامة) | 1، 2، 3 |
| اشیا و تەندروستی | 4، 5، 6 |
| کۆمەڵایەتی و پەروەردەی نیشتمانی | 4، 5، 6 |
| وێنە و کاری دەستی | 1 تا ٦ |
| وەرزشی جەستەیی | ١ تا ٦ |
| ماڵداری | ٥ و ٦ |

سەرچاوە: وزارة التربية والتعليم، 1961 – 1962، ب س، ص 13)

تێبینی: کاری دەستی تایبەتە بەکوڕان

ماڵداری تایبەتە بەکچان

ئەم وانانە تایبەت بوون بەقۆناغی سەرەتایی لەهەمان کاتیشدا لەقوتابخانە کوردییەکان ئەم پرۆگرامە پەیرەو دەکرا، بەجیاوازی خوێندنی زمانی کوردی لەپۆلی یەکی سەرەتایی تا پۆلی شەشی سەرەتایی.

پرۆگرامی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی لەنێوان ساڵانی 1961-1968 گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لەڕووی خوێندنی بابەتەکان و لەڕووی ساڵی خوێندنیشەوە کەپۆلێك لەدواناوەندی زیاد کراوە، ئەم جیاوازیەش بەخستنەڕووی هەردووك ساڵی خوێندن بەئاشکرا دەکەوێتە بەرچاو، لەساڵی خوێندنی 1961-1962 وانەکانی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی بەم شێوەیە بووە:

خشتەی ژمارە (3)

پرۆگرامی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی (1961-1962)

| بابەتەکان | قۆناغەکان | | |
|---|---|---|---|
| | ناوەندی | دواناوەندی | |
| | | زانستی | وێژەیی |
| ئایین | 1 ، 2 ، 3 | 4، 5 | 4، 5 |
| زمانی عەرەبی | 1 ، 2 ، 3 | 4، 5 | 4، 5 |
| زمانی ئینگلیزی | 1 ، 2 ، 3 | 4، 5 | 4، 5 |
| مێژوو | 1 ، 2 ، 3 | - | 4، 5 |
| جوگرافیا | 1، 2 ، 3 | - | 4، 5 |
| ئەرکە گشتییەکان (الواجبات العامة) | 1، 2 ، 3 | - | - |
| بارودۆخی عێراق (أحوال العراق) | - | - | 4، 5 |
| ئابووری | - | 4، 5 | 4، 5 |
| بیرکاری | 1، 2، 3 | - | - |
| جەبر | - | 4، 5 | - |
| ئەندازە (هەندەسە) | - | 5 | - |
| سێگۆشەزانی (المثلثات) | - | 4 | - |
| بیرکاری گشتی (الریاضیات العامة) | - | - | 4، 5 |
| زانستی گشتی (العلوم العامة) | 1 | - | 4، 5 |
| فیزیا | 3 | 4، 5 | - |
| کیمیا | 2 | 4، 5 | - |
| زیندەوەرزانی | 2 | 4، 5 | - |
| تەندروستی | 3 | - | - |
| وێنە و کاری دەستی | 1، 2، 3 | 4، 5 | 4، 5 |
| پەروەردەی جەستەیی | 1، 2، 3 | 4، 5 | 4، 5 |
| ماڵداری | 1، 2، 3 | 4، 5 | 4، 5 |

سەرچاوە: وزارة التربیة والتعلیم، 1961 – 1962، ب س، ص 37)

بەڵام لەساڵی خوێندنی 1967-1968 گۆڕانکاری بەسەر بابەتەکانی خوێندنی قۆناغی ناوەندی و دواناوەندی دا دێت هۆکاری ئەم گۆڕانکاریەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەلەساڵی خوێندنی 1966-1967 پۆلی شەشەم لەقۆناغی دواناوەندی زیاد دەکرێت، هەر لەم ساڵەشدا گۆڕانکارییەکان دەست پێ دەکات، گۆڕانکارییەکانیش لەساڵی خوێندنی 1967-1968 زۆر بەئاشکرا تێبینی دەکرێن.

خشتەی ژمارە (4)

پرۆگرامی قۆناغی خوێندنی ناوەندی و دواناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی 1967-1968

| بابەتەکان | قۆناغەکان | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی | دواناوەندی | | |
| | | گشتی | زانسـ | وێژەیی |

| | تی | | | |
|---|---|---|---|---|
| 6-5 | 6-5 | 4 | 3-2-1 | ئايين |
| 6-5 | 6-5 | 4 | 3-2-1 | زمانی عەرەبی |
| 6-5 | 6-5 | 4 | 3-2-1 | زمانی ئینگلیزی |
| 6-5 | - | 4 | 3-2-1 | مێژوو |
| 6-5 | - | 4 | 3-2-1 | جوگرافیا |
| - | - | 4 | 3-2-1 | پەروەردەی نیشتمانی |
| 6-5 | 6-5 | - | 1 | بیرکاری |
| - | - | 4 | 3-2 | جەبر |
| - | - | - | 3-2 | ئەندازە (هەندەسە) |
| - | - | - | 1 | زانستی گشتی |
| - | 6-5 | - | 2 | کیمیا |
| - | 6-5 | 4 | 2 | زیندەوەرزانی |
| - | - | 4 | 3 | تەندروستی |
| - | 6-5 | - | 3 | فیزیا |
| 6-5 | 6-5 | 4 | 3-2-1 | پەروەردەی هونەر |
| 6-5 | 6-5 | 4 | 3-2-1 | پەروەردەی وەرزشی |
| 6-5 | 6-5 | 4 | 3-2-1 | ماڵداری |
| 5 | - | 4 | - | زانستی کۆمەڵایەتی |
| 6-5 | - | - | - | ئابووری |
| 6 | - | - | - | کۆمەڵگە و کێشەکانی (المجتمع ومشكلاته) |

سەرچاوە: وزارة التربية والتعليم، 1967 – 1968، ب س، ص 7)

خانەی مامۆستایانیش بەهەمان شێوە گۆڕانکاری لەپرۆگرامەکانیان دا کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی رێژەییە، لەخستنەڕووی هەردوو ساڵی خوێندنی 1961-1962/1967-1968 ئەم جیاوازییەمان بۆ دەردەکەوێت.

خشتەی ژمارە (5)

پرۆگرامەکانی خانەی مامۆستایان لەساڵی خوێندنی 1961-1962

| پۆلەکان | بابەت |
|---|---|
| 2 ، 1 | ئايين |
| 3 ، 2 ، 1 | زمانی عەرەبی |
| 3 ، 2 ، 1 | زمانی ئینگلیزی |
| 3 ، 2 ، 1 | خوێندنی کۆمەڵایەتی (دراسات اجتماعية) |
| 3 | کێشەکانی کۆمەڵگە |
| 1 | زانست- ڕووەك (نبات) |
| 1 | - ئاژەڵ (حيوان) |

| | |
|---|---|
| 2 | کیمیا - |
| 3 | فیزیا - |
| 3 | تەندروستی قوتابخانە |
| 1 ، 2 ، 3 | بیرکاری |
| 1 | بنەماکانی پەروەردە (مبادئ التربية) |
| 3 | شێوازی وانە وتنەوەی زانست (أصول تدريس العلوم) |
| 2 ، 3 | ڕێگاکانی وانە وتنەوەی گشتی |
| 2 | دەرونزانی پەروەردەیی (علم النفس التربوي) |
| 3 | دەرونزانی منداڵ |
| 3 | خوێندنی پراکتیکی (التعليم العملي) |
| 1 ، 2 | پەروەردەی وەرزش |
| 1 ، 2 ، 3 |ماڵداری (تایبەت بەکچان) |
| 1 ، 2 ، 3 | مۆسیقا و گۆرانی |
| 1 ، 2 ، 3 | پەروەردەی هونەر |

سەرچاوە: وزارة التربية والتعليم، 1961 – 1962، ب س، ص 85.

خشتەی ژمارە (6)

پرۆگرامەکانی خانەی مامۆستایان لەساڵی خوێندنی 1965-1966[9]

| پۆلەکان | بابەتەکان |
|---|---|
| 1 ، 2 ، 3 | ئاین و تەفسیر |
| 1 ، 2 ، 3 | زمانی عەرەبی و خوێندنی ئەلف و باو |
| 1 ، 2 ، 3 | زمانی ئینگلیزی |
| 1 ، 2 ، 3 | کۆمەڵایەتی مێژوو |
| 1 ، 2 ، 3 | جوگرافیا |
| 3 | لێکۆڵینەوە لەکۆمەڵگە و کێشەکانی (دراسة المجتمع ومشكلاته) |
| 1 | زانستی ڕووەك (نبات) |
| 1 | ئاژەڵ (حيوان) |
| 2 | کیمیا |
| - | فیزیا |
| 3 | شێوازی وتنەوەی زانست (اصول التدريس العلوم) |
| 3 | تەندروستی قوتابخانە |
| 1 ، 2 ، 3 | بیرکاری |

(9) لەساڵی خوێندنی 1966 – 1967 وە 1967 – 1968، بەهیچ شێوەیەك لەتۆمارەکانی وەزارەتی پەروەردە ئاماژە نەکراوە بە پرۆگرامەکانی خانەی مامۆستایان و پەیمانگەی پێگەیاندنی مامۆستایان بۆیە ساڵی خوێندنی 1965 – 1966 وەك نموونە وەرگیراوە.

| | |
|---|---|
| بنەماکانی پەروەردە (مبادئ التربیە) | 1 |
| دەروونناسی | 2 ، 3 |
| ڕێگاکانی وانە وتنەوەی گشتی و بەڕێوەبردنی قوتابخانە | 2 ، 3 |
| کشتوکاڵ و پیشەسازی ناوەخۆی تایبەت بە (کوڕان) | 1 ، 2 |
| ماڵداری و پەروەردەی منداڵ تایبەت بە (کچان) | 1 ، 2 |
| پەروەردەی وەرزش | 1 ، 2 ، 3 |
| مۆسیقا و گۆرانی | 1 ، 2 ، 3 |
| پەروەردەی هونەر | 1 ، 2 ، 3 |

سەرچاوە: وزارة التربیة والتعلیم، 1965 – 1966، 1969، ص ص 188 – 189.

هەریەك لەقۆناغەکانیش (32) بەشەوانەیان هەفتانە خوێندووە، ئەوەی جێگای ئاماژە پێ کردنە دوای تەواو بوونی ناوی وانەکان بەشێوەیەکی تێبینی دوو خاڵ نوسراوە:

١- دوو بەشە وانە زیاد دەکرێت بۆ پۆلی یەکەم و دووەم بەمەبەستی خوێندنی زمانی کوردی.

٢- لەناوچە کوردییەکان دوو بەشە وانە زیاد دەکرێت بۆ پۆلی سێیەم بەمەبەستی خوێندنی (بنەماکانی وانە وتنەوەی زمانی کوردی) (وزارة التربیة والتعلیم 1965 – 1966، 1969، ص 189).

دان پێدانانی حکومەت و ئاماژە پێکردنی بەشێوەیەکی ئاشکرا بۆ وتنەوەی وانەی کوردی لەخانەی مامۆستایان یەك لەگۆرانکاریەکانی تری پرۆگرامی خوێندن بووە لەم ساڵانەدا بۆ خوێندنی خانەی مامۆستایان.

سەبارەت بەوردەکاری پرۆگرامی قۆناغەکانی خوێندن، دەتوانین تیشك بخەینە سەر بابەتەکانی مێژوو و ئەو باسانەی کەلەم بابەتەدا لەقۆناغەکاندا خوێندراوە.

کتێبی مێژووی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی لەساڵی 1963دا لەشەش بەش پێك هاتووە:

بەشی یەکەم: عەرەب پێش ئیسلام.

بەشی دووەم: پێغەمبەر (ص)

بەشی سێیەم: راشیدیەکان

بەشی چوارەم: دەوڵەتی ئەمەوی لەشام

بەشی پێنجەم: دەوڵەتی ئەمەوی لەئەندەلس

بەشی شەشەم: کوردەکان (مدیریة المناهج والکتب 1963، ب.س، ص ص 109 - 110)

واتە لەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی مێژووی ئیسلام و عەرەب خوێندراوە، تەنها بەشی شەشەمی ئەم کتێبەکە نەبێت کەتایبەت بووە بەکوردەکان، بەڵام بەشێوەیەکی زۆر کورت باس کراوە، تەنانەت بەبەراوردکردنی ئەم بەشە بەبەشەکانی تری کتێبەکە بەشێکی زۆر بچووکی لەکتێبەکە پێك هێناوە.

کتێبی مێژووی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لەشەش بەش پێك هاتووە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم: دەوڵەتی عەباسی

بەشی دووەم: شارستانیەتی عەرەب لەسەردەمی پێغەمبەر (ص) تا کۆتایی دەوڵەتی عەباسی

بەشی سێیەم: عێراق دوای کەوتنی دەوڵەتی عەباسی تا هاتنی عوسمانییەکان

بەشی چوارەم: دەوڵەتی عوسمانی

بەشی پێنجەم: استعماری ئەوروپی

بەشی شەشەم: عێراقی نوێ (مدیریة المناهج والکتب 1963، ب.س، ص ص 110 - 112)

سەبارەت بەپرۆگرامی مێژوو لەدواناوەندی بەپێی بەڕێوەبەرایەتی پرۆگرام و کتێب لەساڵی 1964 بەم شێوەیە بووە لەپۆلی چوارەم (ئەدەبی)، مێژووی شارستانیەتی عەرەبی خوێندراوە کەلە 6 بەش پێك هاتووە بریتی بوون لە:

بەشی یەکەم: شارستانیەتی عەرەب و پەیوەندی بەشارستانیەتی بێگانەوە.

بەشی دووەم: سیستەمی فەرمانڕەوایی لەدەوڵەتی ئیسلامی.

بەشی سێیەم: داهاتەکانی دەوڵەت لەسەردەمی پێغەمبەر (ص)، خەلافەتی راشدین، ئەمەوی، عەباسی.

بەشی چوارەم: ڕێکخستنە کارگێریەکان (التنظيمات الأدارية).
بەشی پێنجەم: سیستەمەکانی کۆمەڵایەتی.
بەشی شەشەم: بزوتنەوەی هزری لەئیسلامدا.
سەبارەت بەبابەتی مێژوو بۆ پۆلی پێنجەمی وێژەیی (مێژووی نوێ) خوێندراوە کە لە (327) لاپەڕە پێکهاتووە کەپێنج بەشی سەرەکی لەخۆگرتووە بەم شێوەیە بوون:
بەشی یەکەم: سەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و ناپلیۆن
